ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

زنجیرەی موسڵمان بوون

# ئیڤۆن ریدلی

"ئیسلام ئاینێکی حەق بوو لە بەر ئەوە شوێنی کەوتم"

ئامادەکردن: باوکی محمد

20محرم ١٤٢٦ کۆچی- 2005. 03.01

کاتێك "سۆفیای" کچە لاوی بەریتانی کە بیست و حەوت ساڵ لە گەڵ خێزانەکەیدا بوو ، لە ساڵی ٢٠٠٠ دا هاتە ناو ئیسلامەوەو بڕیاری ئەوەی دا کە لەچکە بکاتە سەری و جلوبەرگی ئیسلامی بپۆشێت، دایکی ووتی :"بێ گومان کچەکەم توشی عەمەلیاتی"شۆرینی دەماغ"بووە بۆیە گەشتۆتە ئەوەی ئەو بڕیارە بدات، ئیتر هەواڵەکە گەشتە گۆڤارو ڕۆژنامەکانیش وەکو ڕۆژنامەی "ئۆبزێرڤەر" کە بە شێوەیەکەی تەواو کەوتە باسکرنی تەنانەت چۆنیەتی نان خواردنی و هەڵس و کەوتی ماڵەوەی کەوتە بەر تیشکی ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە ڕۆژنامەکانی بەریتاییناوایان ڕاگەیاند بە خوێنەران کە ئەم کچە لاوە لە ئەنجامی شۆرینی مێشکی لە لایەن چەند کەسێکەوە ئەو بڕیارەی داوە.

ئایا نزیکانی "ئیڤۆن ریدلی"ش هەمان هەڵوێستیان بوو کاتێك کە زانیان هاوڕێ ڕۆژنامەوانەکەیان باوەڕی بە ئیسلام هێناو موسڵمان بوو ؟ وە ئایا توشی هەمان شۆرینی مێشك بوو وەك لە پێشدا"سوفیا"توشی بووبوو؟!! یان کارەکە بە نیسبەت ئەمەوە جیاوازبوو؟!! چۆن گەشتی موسڵمان بوونی دەست پێ کرد؟!

"یەکەم شتێك کەڕای کێشام بەرەو ئیسلام ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان خواو مرۆڤ لە ئیسلامدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیەو هیچ پێویستیەکی بە واستە نیە وەکو لە مەسیحیەت و یەهودیەتا هەیە، کە پەیوەندی لە گەڵ خوادا تەنها ئەبێت لە ڕێی قەشەو کەنیسەوە بێت و دەستیان گرتووە بە سەر هەموو کاروباری ئاینی تاك و خێزانەکاندا.

ئەمە ئەوە بوو کە "ئیڤۆن ڕیدلی" بۆ هەردو گۆڤاری ( تایمز ) و ( نیوزویك ) بەریتانی ووتی دەربارەی چۆنیەتی موسڵمان بوونی.

چیرۆکی موسڵمان بوونی ڕیدلی لەو کاتەوە دەست پێ ئەکات کە تاڵیبان لە ئەفغانستان هێشتا مابوون ئەم وەکو ڕۆژنامەوانێك لەوێ کاری ئەکرد تاکو ڕوداوەکانی شەڕ بگەیەنێت بەو ڕۆژنامەیەی کە کاری تێا ئەکات.

دوای ماوەیەك ڕیدلی لە لایەن تاڵیبانەوە گیراو کرایە گرتوخانەوە، خوی دانە ئەنێت بەوەداو ئەڵێ : لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەوان زۆر بە ڕێزو ئیحترامێکی تایبەتیەوە مامەڵەیان لە گەڵ دەکردم بەلآم من زۆر ڕەق بووم لە گەڵیاندا، چونکە لە ئیسلام تەنها ئەوەند شارەزابووم کە ئاینێکی ئیرهاب و ترساندن و دژی ئافرەتەو هیچی تر.. لەکاتی گرتنیدا پاسەوانەکانی ئیستیفزاز ئەکرد بەوەی کە جل و بەرگەکانی ئەدا بە پەتێکدا کە جێی سەرنجیان بێت، وەکاتێکیش داوایان لێ ئەکرد کە ئەو کارە نەکات گوێڕایەڵی نەئەکردن و ئەیووت بۆ خۆتان لایبەرن ، وە زۆر جار قسەی ڕەقی لە گەڵدا ئەکردن بەوەی کە بە شێوەیەکی گاڵتەو پێ کردنەوە پێی ئەووتن کە ئێوە حەزتان لە خۆشورین و پاك و خاوێنی نیە بۆیە بەو شێوەیە لە گەڵ من هەڵس و کەوت ئەکەن، لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەترسا لەوەی کە هیچ بابەتێك یان قسەیەك دەربارەی دین لە گەڵیاندا بکاتەوە، چونکە وای ئەزانی کە ئەمانە زۆر توندو تیژن و کەس ناتوانێت قسەیان لە گەڵ بکات.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

سەرەڕای ئەوەی کەماوەی گرتنەکەی زۆر کەم بوو   دە ڕۆژ   بەلاّم شێوازی هەڵس و کەوتی ئەوان لە گەڵیدا بە تەواوی تێڕوانینی بەرامبەر بە ئیسلام گۆڕی، بەوەی کە ڕێزێکی زۆریان گرتووە، هەمیشە بە خوشك بانگیان کردووە، لە گەڵ ئەوەشدا کە بڕیاری نەخواردنی دابوو بەلاّم هەمیشە لە پێش و لەپاشی خواردنی پێیان ووتووە کە ئەبێت دەستت بشۆرێت، نوێژکردنیان بە شێوەیەکی سەرنج راکێش لە سجنەکەدا، شتانێکی زۆری تریش لە ڕێزو پیاوەتی و شەهامەت، کەوەك خۆی ئەڵێت : ئەمانە هەموو بە تەواوی سەرنجیان ڕاکێشام، من گیرابووم لای ئەوان بەلاّم زۆر بە ڕێزەو هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا ئەکردم، ووردە ووردە ئیتر زیاتر پرسیارم بۆ دروست بوو، چی وای کردووە کە ئەمانە بەم شێوەیە بن لە گەڵمدا ؟! بۆ ئەوەندە پابەند بە ئاینەکەیانەوە، ئینجا ئەڵێت : بەم شێوەیە مامەوە تاکو ڕۆژێك یەکێك لە پیاوانی تالیبان خستیە پێشم کە بێمە ناو ئیسلامەوەو موسڵمان ببم، بێ ئەوەی هیچ جۆرە توندوتیژی و زۆرە ملێیەکم لە گەڵدا بەکار بهێنن، منیش پێم ووت : من ئێستە گیراووم و دیلیم ناتوانم هیچ بڕیارێك بدەم، بەلاّم پەیمانت ئەدەمێ کاتێك کە بەربووم و چومەوە وولاّتی خۆم بە ووردی بیر لە ئیسلام بکەمەوە، ئیتر دوای ماوەیەکی کەم ڕاستەوخۆ لە مەلا عومەرەوە بڕیاری ئازادکردنی درا، ئەڵێت : یەکسەر دوای ئازادبوونم لە گەڵ هەندێ لە مەسیحیەکاندا چووم بۆ کەنیسە، سەیرم کرد کە مەیسحیەکانیش زۆردەمارگیرتربوون بۆ مەسیحیتەکەی خۆیان، جا بۆ یەکەم جار ئەوە بووە پرسیار لام : بۆچی ئێمە بەردەوام موسڵمانان لەکەدار ئەکەین لەکاتێکا کە خۆشمان لەوان دەمارگیر ترین ؟ بە بێزاریەوە ئەم پرسیارانە ئەهات بە مێشکمدا..

جا کاتێك گەڕایەوە بۆ لەندەن وەفادار بوو بۆ ئەو پەیمانەی دابووی بەو کەسەی کە پێی ووت موسڵمان ببە، دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەو خۆێندنەوە ئیسلام، هەر کتێبێکی دەربارەی ئیسلام ببینیایە بە ووردی ئەیخۆێندەوە، سەرەتا لە خۆێندنەوەی قورئانەوە دەستی پێ کرد، ئەڵێت : کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی قورئان، ئەوەندە کاریگەر بوو لە سەر دەروونم، هەچ پەڕەیەکم بخوێندایەتەوە ڕای ئەکێشام بۆ خوێندنەوەی پەڕەیەکی تریش و کاریگەری تەواوی دروست ئەکرد لەسەرم، دوای ئەوە لە گەڵ هەندێك لە زاناو شارەزایانی موسڵمان دانیشتم و کەوتمە پرسیارکردن لەو شتانەی کە لام ڕوون نەبوون یان تێکەلاّو بوبوون لام، دوای ئەوە لە ڕێگەی پێگەکانی ئینتەرنێتەوە زۆرێك لە خۆشکان و برایانی موسڵمانم ناسی و ووردە ووردە شارەزاتر ئەبووم، وە ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوەبوو کە هەموو ئەوانەی پێیان ئەگەیشتم ئەوەیان دووبارە ئەکردەوە کە تاکو بە تەواوی دڵنیا نەبم و تێ نەگەم لە ئیسلام بڕیاری موسڵمان بوونم نەدەم، بێ ئەوەی هیچ پاڵەپەستۆیەکم لێ بکەن یان بە پارەی یان هەر شتێکی تر هەڵمنێن و توشی ئیغرام بکەن، لە کاتێکا لە خزمەکان و ناسراوەکانم بەردەوام خەریك بوون لە گەڵم کە واز لە دیراسەکردن و خوێندنەوەی ئیسلام بێنم و زۆریان لێ ئەکردم تاکو نەبم بە موسڵمان.

بەلاّم بە هیچ شێوەیەك ئەم گۆێی نەدا بەوانەی کە تاکە مەبەستیان ئەوەبوو کە ئەم لە ئیسلام دوربخەنەوە، لە بەر ئەوە بەردەوام بوو لە سەر خۆێندنەوەو شارەزابوونی زیاتر لە ئیسلام هەتا بە تەواوی دڵی ڕۆشن بۆیەوە بۆ وەرگرتنی ڕاستی، وە تێ گەشت لەوەی کە زۆربەی هۆکاری ئەوەی کە ئیسلام توشی ڕەخنەو توانج ئەبێت لە لایەن ئەوانەوە ئەگەڕێتەوە بۆ تێ نەگەشتنیان لە ئیسلام و نەخوێندنەوەیان بۆی، ئەڵێت : کاتێك کە بەو شێوەیە شارەزا بووم و زانیم کە دینی ئیسلام باشترین و چاکترین ئاینە، وە تێ گەیشتم کە چی ڕێزو پلەو پایەیەك لە ئیسلامدا دراوە بە ئافرەت، بڕیارم دا کە ئیتر چیتر خۆم لە دڵەڕاوکێ و بێ بڕیاریدا نەهێڵمەوەو بە دڵنیایی و قەناعەتێکی تەواوو بێ

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

هیچ تەوژم و زۆرلێکردنێك بڕیاری موسڵمان بوونی خۆمم دا، ئیتر دوای ئەوە بڕیاری دا کە واز لە هەرچی ئەو خوو کارانە بێنێت کە لەوەو پێش کردویەتی وەك خواردنەوەی عەرەق و خواردنی گۆشتی بەرازو شتی تریش، وە دەڵێ : دوای ماوەیەك لە واز هێنان بۆم دەرکەوت کە ئەوانە تەنها خویەکن و زۆر بە ئاسانی مرۆڤی خاوەن باوەڕ دەتوانێت وازیان لێ بێنێت.

بەڵام با بزانین دەرەنجامی کاردانەوەی ئەم هەڵوێستەی ڕیدلی چی بوو !!

هەندێك وتیان: توشی شۆرینەوەی دەماغ بووە.. هەندێکی تر ووتیان هەندێ توشی نەخۆشی بووە، لە وەڵامدا ووتی : بەڵێ من توشی نەخۆشی بووم، بەڵام من توشی نەخۆشی گەڕان بە دوای ڕاستیدا بووم و خولیای حەق بووم تا لە ئیسلامدا دۆزیمەوە، ئێستە بۆم ڕوون بۆتەوە کە چەندە ژن لای ئیسلام نرخی هەیە، من قسەی ڕەق و ناخۆشم ئەووت بەوانەی کە گرتبویانم بەڵام ئەوان بە خوشك بانگیان ئەکردم، ئەوەندەیان ڕێز لێ گرتم کە بۆوە هۆی ئەوەی بڕیار بدەم کە دیراسەی ئیسلام بکەم، ئیستە ئەزانم کە ئاینی ئیسلام یەکسانی خستۆتە نێوان ژن و پیاو لە بەندایەتی و بەرپرسیاری و مافی خاوەندارێتی و مافی تەلاقدانیش لە هەندێ کاتدا.. ئەمانەو زۆر شتی تریش کە ژنی موسڵمان وەریگرتووەو بۆتە خاوەنی پێش هەزارو چوارسەدساڵ کاتێك کە ژن هەر شتێك نەبوو باس بکرێت، وە دەڵێ : من دڵنیایی تەواوم هەیە کە ڕۆژئاوا زۆرێك لەو مافانەی داویەتی بە ئافرەت لە ئیسلامی وەرگرتبێت..

لەوانە گرنگتر ئەوەیە کە باوەڕی وایە تەنها قورئانی پیرۆز لە ناو هەموو کتێبە ئاسمانیەکاندا گۆڕین و شێواندنی بە سەردا نەهاتووەو پارێزراوە.. وە گونجاوە لە گەڵ هەموو پێویستیەکانی سەردەمداو بەردەوام ڕاستیەکانی قورئان زیاتر ڕوون ئەبنەوە لەم سەدەیەدا.

وە کاتێك پرسیاری لێ کرا کە هۆی ئەوە چیەو بۆچی بەو شێوەیە دڵڕەق و هەڵەشە بوو لە گەڵ ئەوانەی کە گرتبوویان و زیندانیان کردبوو، وە ئایا چی ئەکەیت ئەگەر هەمان شت لێت دوبارە بێتەوە، وتی:

"خۆزگایە ئەوەی کە ئێستە ئەیزانم ئەو کاتەش بمزانیایە"بە ڕاستی من وا گومانم ئەبرد کە ئەوانە بە شێوەیەکی ناشیرین هەڵس و کەوتم لە گەڵ ئەکەن، لە بەر ئەوە بیرم کردەوە لەوەی کە ئەبێت دڵڕەق و توڕە بم لە گەڵیان، تاکو لە خۆمیان دور بخەمەوە، بەڵام کاتێك کە پرسیارم لێ کردن لەوەی کە هۆی چی بوو پەیکەرەکەی بوژا تان لە ناوبرد، وەڵامیان دایەوە بەوەی کە جیهان چەندەها ساڵە هەموو کێشەو ئازارەکانی ئەوانی لە بیرکردووەو گوێی لێ خەواندووەو بە هیچ شێوەیەك باسیان ناکات، بەڵام کاتێك کە پەیکەرێکی لە بەرد دروست کراوە ئەشکێنرێت، ئیتر هەموو هاواریان لێ بەرز ئەبێتەوە، کەواتە داروبەرد لای ئەوان بە نرختره وەك لە خەڵکی ئەم وولاتە، بە ڕاستی جیهان هەموو گرنگیان لە داروبەرد زیاتر دا وەك مرۆڤ.

لە کۆتاییدا ریدلی ئەڵێت:

لە بەر ئەوە بڕیارم داوە ژیانم هەمووی تەرخان بکەم بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام و بانگەشەی خەڵکی تر بۆ ئیسلام، چونکە تاکە ئاینێکە کە لە گەڵ گیان و فیترەی مرۆڤدا ئەگونجێت ، ئیسلام ئاینی حەق و ڕاستیە لە بەر ئەوە شوێنی کەوتم و بوومە موسڵمان.